**وەزارەتی دارایی وئابووری**
**ژمارە: ١٤٥٤١ لە ٢٠٢٣/١٢/٦**

## ڕێنمایی ژمارە(١٣)ی ساڵی ٢٠٢٣
## تایبەت بە ڕاگرتنی خەرجییەکان

بەهۆی نزیک بوونەوەی کۆتایی ٢٠٢٣ و بە مەبەستی دیاری کردنی هەڵی گونجاو بۆ یەکە ژمێریارییەکانی بەستراو و نەبەستراو بە وەزارەتەکان ، بە مەبەستی پاکتاو کردنی ژمێریارییەکان و گەیاندنیان بۆ وەزارەتمان لە کاتی دیاری کراو بڕیاردرا بە :-

١- ڕاگرتنی سیستەمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFmS) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/٥ تاکو کردنەوەی خەرجی لە ساڵی دارایی ٢٠٢٤.

٢- ڕاگرتنی گشت خەرجییەك لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/١٠ بۆ ساڵی دارایی٢٠٢٣ بەمەبەستی یەکلاکردنەوەی ژمێرەکان جگە لە خەرجییەکان (مووچە وپێشینەی خەرج کراوی مانگانە و کرێ یەکانی مانگانە و خاوێن کردنەوە و خواردن ).

٣- ڕاگرتنی زیادکردنی پێشینەی بەردەوامی مانگانە

٤- ئەم ڕاگرتنە تەموویل کردنی تایبەت بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پارێزگاکان ناگرێتەوە

٥- لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە هیچ داواکارییەکی خەرج ئاراستەی وەزارەتمان نەکرێت .

٦- ئەو نووسراوانەی کە ڕەزامەندی خەرجی وەزارەتمان هەیە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری بەڕێوەبەرایەتی خەرجییەکان کە ئاراستەی گەنجینەکان دەکرێت ڕێکەوتی دەرکردنیان دەکەوێتە پێش ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/١١ ) جێبەجێ دەکرێت و ڕانەگیرێت ، وە ئەو نووسراوانەی داخلی سیستەم کراون و کاریان لەسەر نەکراوە لە ساڵی نوێ کاری لەسەر دەکرێت .

٧- داخستنی ژمیرەی مانگی کانوونی یەکەم ی ساڵی (٢٠٢٣) لە ڕیکەوتی (٢٠٢٣/١٢/٣١) پێویستە گشت وەزارەتەکان و فەرمانگە کانی نەبەستراو بە وەزارەت پابەند بن بە ماوەی ئاماژە پێکراو ، هەروەها سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم جگە لەو فەرمانگانەی کە فەرمانگەیەکی خۆپارەدارکردنن (تمویل ذاتی )ن لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١٢/٣١) (رصید دفتری صندوق +بانك) تدوتر بکرێت بۆ ساڵی دارایی /٢٠٢٤ لە رێکەوتی (١/کانوونی دووەم تا ٣١ / کانوونی دووەم ی ساڵی /٢٠٢٤ ) وە نابێت هیچ ,(تدویر )ێك لەسەر (حساب نقدی مدور ) بکرێت لە مانگەکانی تر.

٨- ماوەی (ژمێرەی کۆتایی) لە (٢٠٢٤/١/١٢) دەست پێ دەکات تاکو (٢٠٢٤/١/٣١) بۆ مەبەستی یەکلاکردنەوەی گشت پێشینەکان کە لە ئەستۆی وەزارەت و فەرمانگەکانن بۆ ئەو پێشینانەی کە نەتوانراوە یەکلابکرینەوە لە ساڵی ٢٠٢٣دا.

٩- داخستنی ژمێرەی کۆتایی بە شێوەیەکی کۆتایی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١/٣١) دەبێت و ناردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرەکاری تا ڕێکەوتی (٢٠٢٤/٢/١٠) و نەناردنی یاخود دواکەوتنی لە ڕێکەوتی ئاماژەپێکراوی سەرەوە پارەدارکردنی (تمویل) ئەو یەکە ژمێریارییە ڕادەگیرێت.

١٠-تۆمارکردنی سەرجەم یەکلاکراوەکانی ناو تۆمارکراوەکان (التسويەالقيدية) لە هەمان تۆماری تایبەت بە ساڵی دارایی ٢٠٢٣ بە شێوەیەکی سەربەخۆ (مستقل ) لە ژمێرەکانی مانگەکانی ڕابردوو لەگەڵگرتنەبەری یەکلاکردنەوەی پێویست بۆ چارەسەرکردنی مەرجەکانی ژمێرەکانی (بنود الحسابات) کە پێچەوانەی سروشتی ژمێریاری تۆمارکراوە.

١١- پێویستە ئەو فەرمانگانەی پەیرەوی سیستەمی نامەڵبەندی دەکەن (ميزانمراجعه) لە ژمێرەی کۆتایی (حسابات الختامية) بۆ ساڵی /٢٠٢٣ بنێرن بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / ژمێرکاری نامەڵبەندی بە ڕەچاوکردنی تۆماری ژمێرکاری ژمارە(٨٩) هاتوو لە ڕێنماییمان ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٢

١٢- پێویستە پێشینەی بەردەوامی مانگانەی فەرمانگەکان یەکلابکرێتەوە و رصیدی بکرێتە(سفر) لە کۆتایی ساڵی دارایی ٢٠٢٣.

١٣- لە کاتی نەبوونی جوڵەی ژمێریاری لە گشت ژمێرەکان لە ماوەی ئەژمێرەی کۆتایی کە لە خاڵی (٧) ئاژەپێکراوی سەرەوە پێویستە بە نووسراوەی فەرمی ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمیرکاری بەڕێوەبەرایەتی ژمێرکاری نامەڵبەندی بکرێت کە فەرمانگەکە ئەژمێرەی کۆتایی نیە .

١٤- بۆ هەر تێبینی و تێنەگەیشتنێك و روونکردنەوەیەک پرسیارتان ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمیرکاری /بەرێوەبەرایەتی یەکخستنی ژمێریاری بکەن .

١٥- ئەم رێنماییە لە رێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/١٠وە کاری پێدەکرێت ولەرۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**